# هەندێ لایەنی ئەفسانەیی
# لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا

**د. مەکنون محەمەد تاهیر میقداد**
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە/
ئاکرێ - زانکۆ دهوك

**م.ی.تەلعەت محەمەد عەزیز**
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە/
ئاکرێ - زانکۆ دهوك

## پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (هەندێ لایەنی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت) دا)، ئەفسانە وەك بەشێکی گرنگی فۆلکلۆر، شاعیران سوودیان لێ وەرگرتووە بۆ دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکانیان و بۆ ئەوەی مانایەکی قووڵتر و فراوانتر بەشیعرەکانیان ببەخشێت، بە تایبەتیش شاعیرانی دوای ساڵانی حەفتاکان پەنای زۆریان دەبردە بەر بەکارهێنانی ئەفسانە، کە لێرەدا هەوڵمانداوە بە ڕێبازێکی شیکاری لایەنی ئەفسانەیی لە شیعرەکانی شاعیردا شیبکەینەوە و ئەفسانە و بەشەکانی و ڕەگەزەکانی لە شیعرەکانی شاعیر دەستنیشان بکەین، کە بوونەتە هەوێنێکی گرنگی شیعرەکانی.

پەیکەری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت:

**بەشی یەکەم:** لەم بەشەدا ئەم بابەتانە باسکراوە (ئەفسانە وەك تێڕوانینێکی تیۆری، چەمکی ئەفسانە، پێناسەی ئەفسانە، ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا، ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا).

**بەشی دووەم:** لەم بەشەدا لایەنی پراکتیکی بابەتەکەیە، کە لێرەدا ئەم بابەتانە باسکراوە (ڕەنگدانەوەی ئەفسانە لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، کەسایەتی ئەفسانەیی، گیانەوەری ئەفسانەیی، کەرەستەی ئەفسانەیی، کاری ئەفسانەیی).

لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی کە شاعیر لە شیعرەکانیدا توانیویەتی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە مامەڵە لەگەڵ ئەفسانە و ڕەگەزەکانی ئەفسانە بکات، بیانخاتە ناو چوارچێوەی شیعرەکانی و ڕەهەند و جوانییەکی تر بە شیعرەکانی ببەخشێت و سوود لە کلتوور و ئەدەبی فۆلکلۆر وەربگرێت و تێکەڵ بە ئەدەبی هاوچەرخ بکات.

## پوخته

### ئەفسانە لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا

ئەدەبیاتی هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت گەشە بکات، ئەگەر سوود لە کلتووری نەتەوەکەی خۆی وەرنەگرێت، کلتوور و ئەدەبی فۆلکلۆری نەتەوەییمان سامانێکی بەنرخ و دەوڵەمەندن، بۆیە دەبێت بیانپارێزین و بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، بۆیە دیاردەی گەڕانەوەی شاعیران لە قۆناغی کلاسیکەوە تا هاوچەرخ بۆ باوەشی کەلەپوور و فۆلکلۆری نەتەوەی خۆیان، هەمیشە بە ئامانجی داهێنانی تازە و هاوچەرخە لە شیعرەکانیاندا.

کوردیش هەروەکو میللەتانی تر خاوەنی سامانێکی فراوانی کلتوور و ئەدەبی فۆلکلۆری خۆیەتی، کە ئەوانیش ڕەنگدانەوەی ژیان و گوزەرانی میللەتی کوردیان پێوە دیارە، لە نێو بەشەکانی فۆلکلۆریش ئەفسانە یەکێکە لەو بەشە گرنگانەی کە شاعیران هەمیشە پەنای دەبەنە بەر بۆ تێکهەڵکێشکردنی لەگەڵ شیعرەکانیان و بۆ ئەوەی بتوانن لەم ڕێگەیەوە شێوازێکی تر بە شیعرەکانیان ببەخشن و سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیانەوە ڕابکێشن، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەفسانە و ڕەگەز و ڕەمزە ئەفسانەییەکان، مەبەستە شاراوەکانی خۆیان دەرببڕن، شاعیر توانیویەتی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش مامەڵە لەگەڵ لایەنە ئەفسانەییەکان بکات و سوود لەو ڕەگەز و ڕەمزە ئەفسانەییانە وەربگرێت وا مامەڵەی لەگەڵ کردوون، کە سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، لە ڕێگەی ئەمەوە پەیام و هزرەکانی خۆی دەرببڕێت و ستاتیکایەك بە شیعرەکانی ببەخشێت و تێکەڵاوییەك لەنێوان ئەدەبی هاوچەرخ و ئەدەبی فۆلکلۆر دروست بکات، لەنێو ئەمانەشدا چەندین کەسایەتی ئەفسانەیی و گیانەوەری ئەفسانەیی و کردەوەی ئەفسانەیی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە.

## بەشی یەکەم
## ئەفسانە و تێڕوانینێکی تیۆری

### 1-1چەمکی ئەفسانە:

سەبارەت بە زاراوەی ئەفسانە و لێکدانەوەکانی ئەم زاراوەیە، پسپۆران و لێکۆڵەوانی ئەم بوارە کە هەریەك بەپێی زمانەکەی خۆی زاراوەیەکی بۆ داناوە، هەندێك پێیان وایە کە وشەی ئەفسانە بەواتای (چیرۆك و بەسەرهاتی پڕوپووچ))(موکریانی، ١٩٩٩،٣٣)، هەروەها لە زمانی گریکی زاراوەی(mythos )ی بۆ بەکاردێت (ابراهیم، ١٩٧٩، ٩)، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا (زاراوەی(lengend) بۆ ئەفسانە بەگشتی و زاراوەی (myth) بۆ ئەفسانەی تایبەت بە خواوەندەکان بەکار دەهێنن)(حسن (أ) ، ٢٠٠٢، ١٦)، واتە لێرەدا جیاوازی کراوە لە بەکارهێنانی زاراوەکانی ئەفسانە، کە بۆ ئەفسانە بەگشتی زاراوەیەك و بۆ ئەو ئەفسانانەی تایبەت بە خواوەندەکان زاراوەیەکی تر بەکارهاتووە، هەروەها هەندێك پێیان وایە کە ((وشەی ئەفسانە لەزمانی یۆنانیدا لە وشەی (میثۆس)ەوە هاتووە، کە واتای چیرۆك و گێڕانەوەی بەخشیوە و لە زاری خوداوەند و پاڵەوانەکانەوە وەرگیراوە))( ئەنوەر، ٢٠٠٥، ٦)، کە بەواتای ڕووداوی یەك لە دوای یەك یاخود چیرۆکی پڕوپووچ و یان چیرۆکە لاساییکەرەوەکانی خواوەندەکان و قارەمانە ناودارەکان دەکاتەوە، هەروەها لەمەوە وشەی (میثۆلۆژیا) وەرگیراوە کە بە واتای زانستی لێکۆڵینەوەی ئەفسانە دێت، ئەم وشەیە بەو ئەفسانانە دەگوترێ کە پەیوەندییان لەگەڵ خواوەندەکاندا هەیە، زیاتر وەسفی ئەوان دەکەن (سجادی، ١٣٩٥، ١٢٠)، هەروەها لە زمانی عەرەبیدا وشەی (السطرة) بۆ بەکاردێت، هەندێکی تر لە زمانی عەرەبیدا وشەی ((الأسطرة)) بەو قسە سەرسوڕهێنەرانە گوتراوە کە بەجۆرێك لە ڕازانەوە و ڕێکخستنی پێوە دیارە، هەروەها زاراوەی ئەفسانە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە بەرچاو دەکەوێ و لەهەموو شوێنەکانیش لەسەر زاراوەی بێ باوەڕانەوە. دەگێڕێتەوە کە ویستوویانە بەخەڵکی ڕابگەیێنن کە قورئان ئەفسانەیە و ناکرێت ئێوە وا تێبگەن کە ناوەڕۆك و بابەتەکانی ڕاست و دروستن وەك : لە ئایەتی قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ((و أذا تتلى عليهم آياتنا

قال اساطیر الأولین)) (القرآن الکریم، ٥٦٤)، یان لە ئایەتێکی تردا هاتووە ((قد سمعنا لو نشاء لقلنا مثل هذا إن هذا إلا أساطیر الأولین))(القرآن الکریم، ١٨٠)، سەبارەت بە زمانی کوردی ئەم وشەیە لێکدانەوەی جیاواز بەخۆوە دەگرێت بەوەی کە بەسەرهات و چیرۆکە ناڕاستەکان دەگرێتەوە ((وشەی ئەفسانە لە زمانی کوردیدا لە یەکێك لە ماناکانیاندا بە واتای مێژوویێکی دوور و خەیاڵی و چیرۆك و سەربوردەیەکی ناڕاست دانراوە))(خۆشناو، ٢٠١٣، ١٦)، واتە لێرەدا ئەفسانە بەواتای چیرۆکە کۆن و مێژوویی و خەیاڵییەکانی نێو فۆلکلۆری کوردی .

کەواتە زاراوەی ئەفسانە زاراوەیەکی جیهانی و گشتییە کە لەناو کۆمەڵگای کۆنی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە و بڵاوبۆتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوە هاتۆتە کایەوە کە مرۆڤەکان هەریەکەو لەکۆمەڵگای خۆیدا بەهۆی ڕووداو و دیاردەکانەوە سەرچاوەی بۆ ئەم بەشەی ئەدەب دەدۆزیەوە، کەواتە ئەفسانە لێکدانەوە و بیرکردنەوە و توانای زانستی مرۆڤە بۆ ژیان لە سەردەمانی کۆنەوە.

**2-1 پێناسەی ئەفسانە :**

سەبارەت بە پێناسەکردن و دیاریکرنی پێناسەیەکی گونجاو بۆ ئەفسانە، ئەوا هێشتا قسە و باسی زۆری لەسەرە، تاکو ئێستاش لێکۆڵەران و پسپۆرانی ئەم بوارە نەگەیشتوونەتە ڕایەکی یەکگرتوو لەسەر ئەو بابەتەی، کە ئێمە پێی دەڵێین (ئەفسانە)، واتە چ پێناسەیەکی سنووردار بۆ ئەفسانە نییە ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە هەر شارەزایەك و پسپۆرێك سەرەتای دروست بوونی ئەفسانە بۆ شتێکی جیاواز لەوەی تر دەگێڕێتەوە. هەر یەکە و لەلایەك تەمەشای دەکات و چەند تێبینییەك دیاری دەکات و ڕوونی دەکاتەوە .

لێرەدا ئاماژە بەهەندێك لەو پێناسانە دەکەین کە بۆ ئەفسانە خراونەتە ڕوو: ((ئەفسانە ئەو ڕووداوانە باس دەکات، کە لە سەردەمێکی زۆرکۆندا ڕوویان داوە، ئەو دیاردەیە کەونیە لەتوانا بەدەرەکان شیدەکاتەوە، هەروەها هۆی پەیدابوونی ڕووداو و دیاردەکان ڕوون دەکاتەوە و دیاریدەکات))(الملاح و خلیل، ١٩٨٨،١٠)، لێرەدا بەپێی ئەم پێناسەیە لە کۆندا خەڵکی سادە و ساکار چاویان بەهەر دیاردەیەکی سروشتی

کەوتبێ، ئەگەر بەزیرەکی و توانای بیر و هۆشی خۆیان نەیانتوانیبێت لێکدانەوەی بۆ بکەن، ئەوا لە ڕێگای ئەفسانەوە هەڵیان داوە لێکدانەوەی بۆ بکەن و لێی بگەن.

هەروەها بە بۆچوونی ( جیراله لا رستون ) ئەفسانە چیرۆکێکە کە لە توانا و هێزی مرۆڤی ئاسایی نییە وەك دەڵێ: (( ئەفسانە چیرۆکێکە یان کۆمەڵە چیرۆکێکە، یان ئەو بابەت و ڕووداوانەن کە لە خوداوەندەکان یاخود لە هێزێکی نادیارەوە کە زۆر باس کرابێ، لە نێوان خەڵکدا یاخود لە نێوان تیرە و هۆز و کۆمەڵگادا بەمەبەستی تاقیکردنەوە، ((ئەفسانە)) تەفسیری بوونەوەر و مرۆڤ و گەشەی کرداری لە ناوچوون و بابەت و بەسەرهاتی ناودارەکان و قارەمانان دەکات ))( قیس،١٩٨١، ١٠)، واتە لێرەدا ئەوە دیاردەکات کە ئەفسانە گێڕانەوەی چیرۆکێك یان بەسەرهاتێکە کە زیاتر لەتوانای خوداوەند و هێزە نادیارەکانە نەك مرۆڤی ئاسایی، زیاتر لەچوارچێوەی ڕووداو و کردەوەکانی ئەوان دەکات و لەسەر زمانی ئەوان دەگێڕرێتەوە.

هەروەها لە پێناسەیەکی تردا کە دیفید بدنی دەڵێ: ((ئەفسانە دیاردەیەکی ژیانی گەردوونییە، کە بە کۆمەڵێك پاڵنەر دروست دەبێت، بۆ هەموو توانا ئەقڵییەکان درێژ دەبێتەوە))( عبدالله، ٢٠١٤، ٥٦)، واتە لێرەدا ئەوە دیار دەخات کە ئەفسانە وەك دیاردەیەك لە جیهاندا، لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەو لێکدانەوانە دروست دەبێت کە بەدرێژایی ڕۆژگار لە هزر و ئەقلی مرۆڤەکان کەلەکەبووە و دواتر بەم شێوە خەیاڵییە داڕێژراوە، لە پێناسەیەکی تردا د. مەولود ئیبراهیم دەڵێ: ((ئەفسانە ئینسکلۆپیدیایەکی کۆن و دەوڵەمەند و پڕنهێنیی هەموو مرۆڤایەتییە، هەموو هۆز، نەتەوە، ئاینێکی کۆن و تازە لە دروستکردن و دەوڵەمەندکردنیدا هاوبەشن))(حسن(ب)، ٢٠٢٠، ٦٣)، واتە لێرەدا ئەفسانە وەك تۆمارکارێکی کۆنی مرۆڤایەتی سەیرکراوە و کە سەرجەمی مرۆڤایەتی تێیدا بەشدارن لە نووسینەوەی.

هەروەها لە پێناسەیەکی تردا د. عزالدین مستەفا دەڵێ: (( دەتوانین لە کونجی ئەفسانەوە بڕوانینە ئەفسانە، ئەتوانین بە جۆرێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دابنێین، هەروەك بە هەوڵدانێکی سەرەتایی مرۆڤ ئەزانرێ بۆ ئەوەی لە جیهان بگات و جیهان بناسێت))(ڕەسووڵ، ١٩٧٩، ١٥)، واتە لێرەدا ئەفسانە وەك یەکەم هەوڵی مرۆڤایەتییە بۆ ئەوەی لە جیهان و نهێنییەکانی بگات و بیناسێت.

کەواتە لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەفسانە توانا و هێز و زانستی مرۆڤایەتییە لە سەردەمانی کۆندا بۆ ئەوەی بتوانێت لەو پرسیارانە بگات کە بەنهێنی لە هزری ماوەتەوە و وەڵام نەدراوەتەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، لە ڕووداو و دیاردەکانی گەردوون و ژیان بگات.

**1-3 ئەفسانە و ئەدەبی کوردی:**

سەبارەت بە مێژووی ئەفسانە، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کە سەردەمەکانی ئەفسانە بەتەواوی دیار نییە وەکو مێژووی جێگیرە سەرەتاکەی نازانین کە ئەفسانە گشتییەکە کەی پەیدابووە، چونکە (( مێژوویا سەرهەڵدانا ئەفسانێ یا گرێدایە ب هەبوونا ڕەگەزێ مرۆڤایەتیێ ڤە، لێ دبیت ژ بیر نەکەین کو هەر میللەتێکی ئەفسانا خویا تایبەت هەیە)) (عبدالرحمن، ٢٠١٨، ٥٨)، سەبارەت بە نەتەوەی کوردیش مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەم هۆیەشەوە ئەدەبەکەی بۆ سەردەمانێکی کۆن دەگەڕێتەوە، سەبارەت بە ئەفسانەی کوردیش، ئەوە یەکەم جار ئەمە ئەدەبە لە ئەدەبی سەرزارییەوە دەست پێدەکات، بەتایبەتیش لە تێکستە فۆلکلۆرییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، وەکو بەسەرهات و هەقایەت ، کە پریەتی لە بەسەرهاتی دێوی ڕەش و دێوی سپی،....... هتد.

ئەفسانە وەك بە شێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ڕیشەیەکی یەکجار کۆنی هەیە لەم بارەیەوە دکتۆر (داوود سەللوم) دەڵێ: ((ئەدەبی حیکایەتی گیانداران بۆ یەکەم جار لای مرۆڤی شارستانی و دۆڵی میزۆپۆتامیا بەدیارکەوت)) (حسن(أ) ،٢٠٢٠، ١٤٠)، واتە لێرەدا باس لەو ئەدەبە دەکات کە لەسەر زمانی گیانداران دەگێڕدرێتەوە، کە ئەمەش بەشێکی گرنگی ئەدەبی سەر زاری یان فۆلکلۆرە، بەو پێیەش بێت ئەفسانە بەشێکی گرنگی فۆلکلۆرە، کەواتە ئەم دووانە بەیەکەوە هاوبەش بوونە لە سەرهەڵدان، سەبارەت بە پاڵەوانی ئەفسانەی کوردی ئەوا ((لە ئەفسانەی کوردی قارەمانی سەرکەوتوو هەمیشە لە ئادەمیزادە، زۆرتریش لە هەژار و ڕەنج کێشە)) (ڕەسووڵ، ١٩٧٩، ١٩)، واتە ئەفسانەی کوردی هەمیشە ئادەمیزاد ڕۆڵی سەرەکی تێدا بینیوە. هەروەها لە ئەفسانەی کوردی چەندین وێنە و ڕەمزی جۆراوجۆر

بەکاردەهێندرێت، کە یەکێك لەو ڕەمزانە ڕەمزی مارە، کە وەك ڕەمزێکی خراپەکار لە نێو ئەفسانەی کوردیدا بەکارهاتووە ((وێنەی مار لە ئەفسانەی کوردیدا وێنەیەکی تری هێزی خراپە، زانایانی میتۆلۆژیا، ئەمە ئەبەستن بە باوەڕی کۆنی ئاینییەوە، وا دیارە ئەم وێنە خراپەی مار لە ئەفسانەی کوردیدا، هەر ئەو وێنە کۆنەیە، کە لە ئەفسانەی کۆنی یۆنانی دەربارەی ئەو مارەی ئەگێڕێتەوە کە (ئەهریمەن – یا ئیبلیس)ی بردە بەهەشتەوە تا ئادەم هەڵخەڵەتێنێ))(ڕەسووڵ، ١٩٧٩، ١٨-١٩)، واتە ڕەمزی مار لە ئەفسانەی کوردیدا هاوشێوەی ئەفسانەی یۆنانی، هەمیشە وەك هێزێکی خراپ و هەڵخەڵەتێنەر ڕۆڵی بینیوە و بەشێوەیەکی فراوان لە نێو ئەفسانەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها یەکێك لە خاڵە جیاوازەکانی ئەفسانەی کوردی لەگەڵ ئەفسانەی نەتەوەکانی تر ئەوەیە.

بەم هۆیەوە ئەفسانەی کوردی بەم هەموو قۆناغە تێپەڕی تا گەیشتە ئەوەی کە شاعیرانی کلاسیکی کوردیش زۆر سوودی لێ وەرگرن و بیکەنە هەوێنی بەشێك لە شیعرەکانیان، بە هۆی ئەوەی کە لەکۆندا لە کۆڕ و کۆبوونەوە و حوجرەکاندا ئەو حیکایەتانەی کە دەگێڕدرانەوە پڕبوون لە ئەفسانە و شتی خەیاڵی، بەم هۆیەشەوە تا ئێستاش شاعیران سوودی لێ وەردەگرن و بەکاری دەهێنن، بەڵام بەشێوەیەکی سەردەمییانە.

### 1-4 ئەفسانە و شیعری هاوچەرخی کوردی:

ئەگەر ئێمە سەیری قۆناغەکانی شیعری کوردی بکەین، دەبینین کە ئەدەبی فۆلکلۆر بەشێوەیەکی بەرفراوان لە نێویدا ڕەنگی داوەتەوە، لە نێو بەشەکانی فۆلکلۆریش ئەفسانە وەك بەشێکی گرنگ بە نێو شیعری کوردیدا بڵاوبۆتەوە، بەڵام لە نێو قۆناغەکانیش جیاوازە ((هەرچەندە ئەم بەکارهێنانەی ئەفسانە لە شیعری کوردیدا لە سەردەمی مەلای جزیری و حاجی قادری کۆییەوە گیانێکی نوێی تێگەڕابوو بەڵام تا بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی ١٩٣٩- ١٩٤٥ ئەو برەوەی نەکەوتە سەرئەو جۆرە دەورەی نەدی))(شارەزا، ٢٠٠٥، ٢٥)، واتە لێرەدا شێواز و بەکارهێنانی ئەفسانە لە قۆناغی کلاسیکدا بەشێوازێکی فراوان نەبووە، لە قۆناغی نوێدا ئەم هونەرە بە

شێوازێکی تر و فراوانتر مامەڵەی لەگەڵ کرا بە تایبەتی لەسەر دەستی شاعیر (گۆران)، دواتر لەنێو قۆناغەکانیش شیعری هاوچەرخی کوردی مامەڵەیەکی فراوانی لەگەڵ ئەم بەشەی فۆلکلۆر کردووە، بەو پێیەی کە (بەکارهێنانی ئەفسانە لە شیعری کوردیدا دیاردەیەکی نوێیە بەم جۆرەی کە لە شیعری دوای حەفتاکانەوە دەبینرێت))) (سەعدون، ٢٠١٠، ٢٧٣)، واتە بەکارهێنانی ئەفسانە لە قۆناغەکانی تری شیعری کوردی هەبووە، بەڵام لەم قۆناغەدا شێوازێکی جیاواز و تازەتر بووە، کە باسی ئەفسانە دەکرێت، مرۆڤ خەیاڵی بۆ شتی سەیر و سەمەرە و دوور لە واقیع و ڕاستی دەچێت.

بەڵام کە دێینە سەر ئەدەبی هاوچەرخی هەر نەتەوەیەك ئەوا هزرمان بۆپێشکەوتن و قۆناغێکی جیاواز و نوێ دەچێت و وێنەیەکی جیاوازتر دەکەوێتە بەرچاومان، لەم سەردەمە نوێیە و پڕاوپڕلە پێشکەوتنە، مرۆڤ ئەگەر خۆی ماندوو نەکات هەست بە گۆڕانکاری ناکات، بەڵام مرۆڤی ماندوو هەست بە گۆڕان دەکات و بچووکترین گۆڕانی بەرەو پێشکەوتن تەزوویەکی فێنك بە دڵی مرۆڤی پێشکەوتنخواز دەبەخشێت.

لە ئەدەبی کوردیدا شاعیران و نووسەران شانازی بە فۆلکلۆر و کلتوور و پاشماوەکانی مرۆڤی کوردی دەکەن و لە بەرزترین پلەی پێشکەوتندا داستان و ئازایەتی و و ئەفسانەکانی کوردیان لەبیر نەچۆتەوە، ئەوەش ئەوە نەبێت هەر لە بەر سۆز و خۆشەویستی بێت بۆ نەتەوەکەی ، بەڵکو بەنیازی سوود وەرگرتن لە کەرەستە و ئەفسانەکان و تێکەڵکردنیان بە ژیانی واقیعی ئەمڕۆ، (( ئەو کردارەی بەکارهێنانی ئەفسانەی میللەتان لە شیعری کوردیدا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی دراوەتێ و چەند شاعیرێکی نوێخواز لە چەند هۆنراوەیەکیاندا بەکاریان هێناوە، بەڵام بەکارهێنانەکەیان لە سنووری لێکچواندن و یاخود ململانێی نێوان هێزە دژبەیەکەکانی ئەفسانە دەرنەچووە))(شارەزا، ١٩٩٢، ٦٢)، واتە شاعیرانی نوێخوازمان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەشێوەیەکی سەرەتایی مامەڵەیان لەگەڵ بەکارهێنانی ئەفسانە کردووە لە چوارچێوەی هونەری لێکچواندن.

بەم هۆیەشەوە شاعیرانی کوردیش توانیویانە وەك شاعیرانی نەتەوەکانی تر لە ئەدەبی فۆلکلۆری خۆیان دانەبڕێن و سوود لە بەشەکانی ئەم ئەدەبە وەربگرن و

بیکەن بەهەوێنی بەرهەمەکانیان، کە بتوانن بەشێوەیەکی هونەریی جوان تێکهەڵکێشی بەرهەمەکانیان بکەن، بەم هۆیەشەوە چەندین ڕەمز و نیشانەیان بەکار هێناوە وەك (ئەژدیها، دێو، ورچ، پەری ......) ئەم شاعیرانە نەك تەنها ئەفسانەی کوردییان بەکارهێناوە لە شیعرەکانی خۆیاندا، بەڵکو هاتوون ئەفسانەی یۆنانی و ڕۆمانی، وەك ((کیوبید، شینریف، ئەپۆلۆ، ڤینوس، گلگامێش، سیزیف، پرۆمیسۆس، ..... هتد)) لەشیعرەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام نەك بە هەمان شێوە و بۆ هەمان مەبەست بەڵکو تەنها سوودیان لە کەرەستە و ڕووداوەکانی ئەفسانە وەردەگرت و لە ئەفسانەیەکی تازەیان دادەڕشتەوە.

## بەشی دووەم

### 2-1 ڕەنگدانەوەی ئەفسانە لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا:

لەتیف هەڵمەت، یەکێکە لە شاعیرە هاوچەرخەکانی نێو ئەدەبیاتی کوردی، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە هێنانە کایەوەی قۆناغێکی نوێی شیعری کوردی، ئەم شاعیرە چەندین تەکنیك و شێوازی جیاوازی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، چ لە ڕووی زمانەوە یان لە ڕووی هزرەوە یان لەڕووی کێش و سەرواوە یان لەڕووی جوانکارییەوە، یەکێك لەو لایەنانەی کە شاعیر گرنگی پێداوە و لە شیعرەکانیدا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، بەکارهێنان و ڕەنگدانەوەی فۆلکلۆر بەگشتی و ئەفسانە بەتایبەتی لە شیعرەکانیدا، ئێمە لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەماندا توانا و بەهرەی شاعیر لە چۆنیەتی سوود وەرگرتن و ئاوێتەکردنی ڕەگەزەکانی ئەفسانە لە شیعرەکانیدا دەستنیشان دەکەین و شیکردنەوەی بۆ دەکەین، کە شاعیر سوودی لە زۆر بەرهەم و لایەنی ئەفسانەیی وەرگرتووە، کە ئەمەش توانا و بەهرەی شاعیر نیشان دەدات لە سوود وەرگرتن لە بەرهەمە ئەفسانەییەکانی نەتەوەکەی خۆی و ئەفسانە جیهانییەکان.

**2-1-1 کەسایەتی ئەفسانەیی:**

**أ- خدری زیندە:**

یەکێکی تر لەو کەسایەتییە ئەفسانەییانەی کە لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا ڕەنگی داوەتەوە (خدری زیندە)یە، ئەمە بەشێوەی جیاواز جیاواز باسکراوە، کە هەندێك بە پێغەمبەر و هەندێك بە پیاوچاك و هەندێکی تر بە فریشتە ناوی دەبەن، (د. مەولود ئیبراهیم) بەم شێوەیە وەسفی دەکات کە ((زۆری لەسەر شێوەی پیرەمێردی ڕیش سپی و نوورانی خۆی بەخەڵك نیشان دەدات، خێرخواز و چاکەکار و ڕێپیشاندەری عاشق و پاڵەوانانە و لە هانای لێقەوماوان دێ، جاری واش هەیە لە شێوەی بەستەزمان و تەیر و توار خۆی دەنوێنێ و یارمەتی خەڵك دەدا))(حسن (ب)،٢٠٢٠، ٤٧) کە ئەمەش هەمیشە وەکو کەسایەتییەکی چاکەکار و یارمەتیدەر دەرکەوتووە و بەهانای خەڵکەوە چووە.

لەتیف هەڵمەتی شاعیریش سوودی لەمە وەرگرتووە بۆ نموونە لە شیعری (ئەو ڕۆژەی کە هالی ئەکێشێ) دا دەڵێ:

هەتاکو کەی چاوەڕێن کات لەدوای کات
خدری زندە یاریمان دەدات
سەدە و چەرخی.. موعجیزات
بڕایەوە.. بڕایەوە.. کۆتایی نەهات (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ٧٧)

لێرەدا شاعیر وەسفی خدری زیندە دەکات، کە وەك ڕەخنەیەك لە خەڵك بەوەی پێیان دەڵێت ئێوە تاکەی چاوەڕێی خدری زیندە دەکەن ڕزگارتان بکات، خۆتان هەوڵبدەن و کارێك بکەن، شاعیر وێنەی خدری زیندەی بەکارهێناوە کە لە چیرۆکە ئەفسانەییە کوردییەکاندا هەمیشە لەشێوەی مرۆڤێکی پیری بەتەمەنی ڕیش سپی دەست نەرمدا دەردەکەوێت، کە ڕەمزێکە بۆ نەمری و هێزی چاکە و یارمەتیدانی هەژاران بەتایبەتی ڕێبوارەکان.

**ب- گلگامێش و ئەنکیدۆ:**

یەکێکی ترن لەو دوو کەسایەتییە ئەفسانەییانەی کە لەنێو بەرهەمی شاعیراندا زۆرجار بەکاردەهێندرێن، ئەم دوو کەسایەتییە هەمیشە وەك دوو هاوڕێ لە نێو ئەفسانە و داستان و بەرهەمە ئەدەبییەکان ناویان دەهێنرێت، هەر وەکو لە وەسفی ئەم دووانەدا هاتووە (( گلگامێش پاشای شاری وەرکایە و پاشایەکی ستەمکارو خوێنڕێژە، سێ بەشی جەستەی خوداوەندە و بەشێکی جەستەشی مرۆڤە و یەکجار بەهێز و بەتوانایە و خەڵکی لەبەر زوڵم و زۆردارییەکەی پەنا دەبەنە بەر خوداوەندان بۆ ئەوەی تۆڵە لە گلگامێش بکەنەوە و خوداوەندانیش (ئەنکیدۆ) ی بۆ دەنێرن، کە پیاوێکی بەهێز و کێوییە و لەگەڵ ئاژەڵ و دڕندەکان نان و ئاو دەخوات و دەخواتەوە، دوای ماوەیەك ئەم دووە پێکەوە دەبنە هاوڕێ و گلگامێش سیفاتی دەگۆڕێت و دەبێتە کەسێکی چاکەکارو لە پاشان دەستدەکەن بە چەند گەشتێکی ترسناك و بڕیاردەدەن، کە بچن بۆ کوشتنی (خەمبابا، یا هەمبابا) ی پاسەوانی دارستانی پیرۆز و دەچن دەیکوژن)(حوسێن ، مەولود، ٢٠١٨، ٢٣٦) واتە ئەم دووانە سەرەتا دوژمنی یەکتربوونە و بەدوای کوشتنی یەکتر گەڕاون، دواتر بوونەتە هاوڕێی یەکتر و بەدوای کوشتنی یەکێکی تر بەناوی (خەمبابا) گەڕاون و دەیکوژن. شاعیر لە شیعرەکانی سوودی لەم بەسەرهاتە ئەفسانەییە وەرگرتووە و تێکهەڵکێشی شیعرەکانی کردووە، هەروەکو شاعیر لە شیعری (کۆمیدیای تراژیدیای دەنگ و گیرفان) دا دەڵێ:

گلگامێش و ئەنکیدۆ درۆیان کرد
خەمبابایان نەکوشتووە
ئەی ئەوە نییە خەمبابا
لە هەموو شەقامەکانی سەدەکاندا
بە پێوە میز دەکات ! (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٠٥٢)

لەم شیعرەی سەرەوە ئەگەر سەیر بکەین دەبینین کە شاعیر باس لە هەردوو کەسایەتی (گلگامێش و ئەنکیدۆ) دەکات کە وەکو دوو هاوڕێ بەشداربوونە لە کوشتنی خومبابا، کە شاعیر ئاماژە بەوە دەکات کە خومبابا نەکوژراوە، لێرەدا وەکو ڕەمزێك ناوی خومبابای بەکارهێناوە، کە مەبەستی خراپەکاران و دەسەڵاتدارانە.

**پ- سیزیف:**

یەکێکی تر لەو کەسایەتییە ئەفسانەییانەی کە لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا ڕەنگی داوەتەوە، (سیزیف)ە، کە ((یەکێکە لەو ئەفسانانەی کە زۆر بە فراوانی لەلایەن شاعیرانی هاوچەرخەوە بەکارهێنراوە))(حەمەد، ٢٠١٢، ٢١٩)، لەتیف هەڵمەتی شاعیر لە شیعری (کۆتر و هەڵامەت) دا دەڵێ:

سیزیف
تاشە بەردەکەی توورداوە
خەمێکی داوە بەکۆڵیدا
لەوانەیە عاشق بووبێ! (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ١١١٥)

لێرەدا دەبینین کە شاعیر سیزیفی وەکو ڕەمزێك بۆ هەوڵدان، بەوەی کە سیزیف وەکو سزایەك هەمیشە بەردەکەی لە خوارەوەی چیایەکە دەبردە سەرەوەی چیایەکە و دەگەیشتە لوتکەی چیایەکە دووبارە بەردەکە بەردەبۆوە و دووبارە دەیبردە سەرەوەی چیایەکە، بەمەش بەردەوام بوو لە هەوڵدان، شاعیر لێرەدا بەردەکەی گۆڕیوە و بەوەش لە سزایەکی بێزارکەرەوە کردوویەتی بە باری خۆشەویستی و گەشبینی.

**ت- پرۆمیسۆس:**

ئەمەش یەکێکە لەو کەسایەتییە ئەفسانەییانەی کە شاعیر تێکەڵ بە بەرهەمەکانی خۆی کردووە و بۆتە بەشێك لە هەوێنی شیعرەکانی، ((پرۆمیسۆس پارچەیەك لە خۆر یان ڕووناکی لە خوداوەندەکان دەدزێ و بۆ ئەوەی گەرمی و ڕووناکی بدات بە مرۆڤ، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەرگرێت بۆ خۆ گەرمکردنەوە و خواردن ئامادەکردن، کە ئەمەش لە خەم و خۆشەویستی مرۆڤ بووە))(عبدالحسین، ٢٠١٢، ص٦٦-٦٨)، واتە پرۆمیسۆس یەکێك بووە لەو خوداوەندانەی کە لەپێناو مرۆڤەوە تووشی سزا و دارکاری بووە، شاعیر سوودی لەو کێشە و ململانێیە بینیوە لە نێو شیعرەکانی بەکاری هێناوە.

بۆ نموونە لە شیعری (کۆتر و هەڵامەت) دا لە دوو شوێندا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ:

نەپرۆمیسۆس
ئاگری لە خوداوەندە ئەفسانەییەکان
دەدزی
نەقەڵەم شیعری دەبوو
.
.
پرۆمیسۆس
ئاگرەکەی کوژاندۆتەوە
تفەنگێکی بەدەستەوەیە
لەوانەیە جەنگی شەشەم بەرپا بکات...!

(دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ١١١٠-١١١٥)

واتە لێرەدا پرۆمسیۆس وەکو خواوەندێك ئاگری دزیوە و بۆ ئەوەی مرۆڤی پێ دروست بکات و مرۆڤ سوود لەم ئاگرە وەربگرێت، دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە پرۆمیسۆس ئاگرەکەی کوژاندۆتەوە، لەجیاتی ئەمە تفەنگێکی بەدەستەوەیە، کە لێرەدا وەکو ڕەمزێکی ئەفسانەیی بۆ کەسێکی تر بەکارهاتووە.

**ج- فریشتە:**

سەیری شیعرەکانی شاعیر بکەین دەبینین بە جۆرێك لەدایکبوونی خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە، کە لەناو ئاو و هەوایەکی کوردەواریدا ئەفسانەیەکی تازەی خوڵقاندووە لە چوارچێوەی هۆنراوەیەکی سەرکەوتوودا دەریدەبڕی، کە تاقیکردنەوەیەکی بەهێزی ئەنجامداوە، بۆ نموونە لە شیعری (یەکەم خۆشەویستی) دا دەڵێ:

هێشتا چلەم نەچووبوو
نەمدەزانی لە بێشکەدام
یا لە زیندان......

نەمدەزانی دایکم ناشرینە یان جوان...
هیچی ترم نەدەزانی
هەر گریان...
خەوم بینی فریشتەیەك
سپی وەکو شەستەباران
چاو سەوز وەکو دارستان
هێدی ... هێدی
هاتە خوارەوە لە ئاسمان
جومگەی سینگمی یەکە یەکە
لێك ترازان...
ئەڤینی ئەم: چەم و دۆڵ و
شاخ و داخەی
لەدڵما چان...
ئیستا دڵم
هیچی تری تیادا نییە
هەر کوردستان و کوردستان... (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٦١)

لێرەدا دەبینین شاعیر ئەفسانەیەکی بۆخۆی دروستکردووە و کات و زەمەنەکەی گۆڕیوە، لە سەردەمی شاعیریەتی دەگەڕێتەوە پێش ئەوەی چلەی بچێت و لەناو بێشکە لە خەونێکی ئەفسانەیی بەرهەم دێنێ و هەموو ڕووداوەکانیش لە خەون ڕوودەدەن و هیچ ڕێگرییەك بۆی دروست نابێت لە خۆشەویستی بۆ کوردستان، چونکە دەست چێنی فریشتەیەکی خودایە و هەموو شێوە و ڕووکارەکانی لە خاکی کوردستانەوە وەرگرتووە فریشتەکان (سپی)یە وەکو شەستە بارانی بەهار و (چاو سەوز ) وەکو سەوزایی دارستانەکانی کوردستان.

**2-1-2 گیانەوەری ئەفسانەیی :**

**أ- سیمرخ (العنقاء):**

سیمرخ باڵندەیەکی ئەفسانەییە، ئەو باڵندەیە لە ئەفسانەی عەرەبیدا بەناوی (عەنقا) ناسراوە، ئەم گیانداره لە لەشیدا زۆر گەورەیە، لەبارەی ئەم ئاژەڵەوە قەزوینی دەڵێت: (( ئەو گەورەترین باڵندەیە لە ڕووی لەشییەوە، ئەم باڵندەیە لەڕووی لەشەوە دەتوانێت فیلەکی زۆر گەورە ڕاوبکات و بخوات)) (مزوری، ١٩٩٧، ٢٠)، لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت) دا ئەم باڵندەیە بەکارهاتووە .

بۆ نموونە لە شیعری ( پەیکەرێکی تر) دا دەڵێ:

بە ناڵی کە پەڵکە زێڕینەی ساماڵ
ئاسۆی دەگرت وەك ڕەوە پەپوولەی خەیاڵ
حەزم دەکرد وەك مەل بدەم لە شەقەی باڵ
بڕۆم بڕۆم وەها هەڵفڕم بۆ بەرز
هیچ سیمرخێ نەمهێنێتەوە بۆ سەر ئەرز (دیوانی لەتیف هەڵمەت،٢٠١٤، ١٠٥)

ئەم باڵندەیە لە ئەفسانە کوردییەکاندا پاڵەوانی لە بنی دونیاوە دێنێتە سەر دونیاوە، لێرەدا دەبینین شاعیر ئاماژەی بە باڵندەی سیمرخ کردووە، وەك باڵندەیەکی گەورە و بەهێز بەشێوەیەك شاعیر خۆی وا نیشان دەدات کە دەیەوێت بۆ شوێنێکی وا بفڕێت تەنانەت سیمرخیش بەو هەموو هێزەیەوە نەتوانێت بیهێنێتەوە.

یان لە شیعری ( گەشت) دا دەڵێ:

بۆ هەڵبەستێك دەگەڕێم وەك سیمرخێ
گشت سنوورەکان ببڕێ
بۆ وڵاتە دوورەکەی خۆم هەڵم بگرێ
ئەگەر مردم ... لە وڵاتی غەریبیدا ئەگەر مردم
سای گۆڕەکەم هەڵدەنەوە (دیوانی لەتیف هەڵمەت،٢٠١٤، ١٤٧-١٤٨)

لێرەدا شاعیر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باڵندەی سیمرخ دەتوانێت بە هۆی هێز و تواناکەی و بەهێزی لاشەکەی سنووری هەموو وڵاتێك ببڕێ.

یان لە شیعری ( ملحق خاص للقراء العرب ) دا دەڵێ:

دەبم بە سیمرخێك و
نیشتیمانەکەم بە دەنووك هەڵدەگرم و
لە نێوان زەوی و ئاسماندا
جێگایەکی بۆ دەدۆزمەوە.. (دیوانی لەتیف هەڵمەت،٢٠١٤، ١١١٨)

لێرەدا شاعیر بەشێوەیەك ئاماژە بەم باڵندەیە دەکات کە توانای هەیە بەدەنووك وڵاتێك هەڵگرێت و بیگوازێتەوە، کەواتە باڵندەی سیمرخ یەکێکە لەو باڵندە ئەفسانەییانەی کە شاعیر لە نێو شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە بۆ دروستکردنی وێنەی هونەری جوان و تایبەت بەخۆی.

**ب- دێو:**

گیانەوەرێکی ئەفسانەییە لە نێو ئەفسانەی میللەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا وەکو گیانەوەرێکی زۆر گەورە دەناسرێت، کە ((لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی و لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دی و لە ئەفسانەیەکەوە بۆ ئەفسانەیەکی دی شێوەی دێو دەگۆڕێ))(حسن (ب)، ٢٠٢٠، ٢٠٠)، لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا ئەم گیاندارە ئەفسانەییە وەکو ئاژەڵێکی دڕندە و مەترسیدار بەکارهاتووە کە خەڵك لەترسی خۆیان حەشارداوە.

بۆ نموونە لە شیعری (ئەو هۆنراوانەی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ) دا دەڵێت: :

کە مناڵ بووم هەر نیوە شەوێك
لە دەرگاکەمانیان بدایە... دەموت:
_ دایە گیان مەیکەرەوە .. دێوێ درنجێ هاتووە
من بدزێ....
ئیستا لە چەرخێکدا کە هەموو شەقامەکانی
شانەی زاوزێی دێو و درنجن..
دڵم وەکو کێوێکی ئاسنین
بە کۆڵمدا داوە و

لە دەرگای دڵی ئەو کچە جوانانە دەدەم
کە دەمناسن و نامناسن..
کچێك نییە.... لەم شارە شووشەیەدا
لە دڵی خۆیدا بمشارێتەوە و
لە قامچی و گورزی ئاگرینی تەنیایی بمپارێزێ
کچێك نییە... پرچەکەی بۆ پەڕەسێلکەی
شیعرە تازەکانم
بکاتە هێلانە...
هەرکچێك نییە
هەرنەبێ پرچەکەییم بۆ بکاتە سێدارە...
نەو کچێك نییە هەر گوێم لێ بگرێ..
ئەمە دێوو درنج نییە کە لەدەرگای بەردی
دڵەکانتان دەدا ... ئەی نازدارەکان...
شاعیرە ...شاعیر..... ! (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٨٢-٢٨٣)

لێرەدا شاعیر باس لە ((دێو و درنج)) دەکات، هەروەك دەزانین لە چیرۆکە ئەفسانەییەکەدا وێنەی دێو و درنج هەیە کە بەمانای شەڕخواز دێت بەشەوان لە ئەشکەوتەکان دەسووڕێت و دەست لە پیاوی غەریب و ڕێبوار دەوەشێنێ، بەڵام لەتیف هەڵمەتی شاعیر هاتووە ئەم ڕەمزانەی لە شیعرێکی ناسکدا بەکاری هێناوە کە ئەم دێوو درنجانە لە شەقامەکان دەسووڕێنەوە و ئەم شەقامانە بوونەتە شوێنی زاوزێ و لەدایکبوونی ئەوان، ئەوان لێرەدا لە دەرگای ماڵان دەدەن، شاعیر دێوو درنجی وەکو ڕەمزێك بەکارهێناوە کە مەبەستی خۆیەتی و کە لە دەرگای هەریەکێك دەدات دەرگای لێ ناکاتەوە و تەنانەت دڵەکانیان ئەوەندە ڕەقە کە وەکو بەرد ئاماژەی پێکردووە ، بەڵام لە کۆتایی کە خۆی لە دەرگای ماڵی کچێك دەدا پێی دەڵێ من دێو و درنج نیم من شاعیرم.

هەروەها لە شیعری ( دوو جۆری مەرگ ) دا دەڵێ:

کە دێوی مەرگیش ڕاتان دەکێشێ
بەدڕك و داڵدا بەرەو گۆڕستان
کەپڕێك لە ئاسن
چواردەوری گڵکۆی تاریکتان دەگرێ (دیوانی لەتیف هەڵمەت،٢٠١٤،٥٩٦)

لێرەدا شاعیر باسی دێوی مەرگ و مردن دەکات، کە وەك ئەژدیهایەکی مەترسیدار و لەناکاو هێرش دەکات و مەرگی ئێمە بۆ خۆی دەبات، کە بە هەرچی دڕك و داڵەوە هەمووی لەگەڵ خۆی ڕاپێچ دەکات و دەبات، دوای ئەمە لەوێ دواتر گڵکۆیەکی ئاسنمان بۆ دروست دەکەن و جێمان دەهێڵن.

**ج-ئەژدیها.:**

یەکێك لەو گیانەوەرە ئەفسانەییانەیە کە لە نێو بەشێکی زۆری شیعری شاعیران ڕەنگی داوەتەوە، ئەم گیانەوەرە ئەفسانەییە لە نێو بەشێکی زۆری ئەفسانەی میللەتەکان ڕەنگی داوەتەوە، ((مارەکێ مەزنە ئاگر ژ دەڤی دچیت و دەنگەکێ مەزن بەردەت، زێرەڤانیێ ژ پرا دکەت، و جهێ ژیارا وی دناڤ دەریایان و شکەفتێن تاریکدا و دناڤ عەوراندا دژیت، ژبەر ڤێ یەکێ دناڤ بیروباوەرێن گەلەك مللەتێن جیهانێدا خەلك رادبیت ب دانا قوربانییان بو وی ب مەرەما رازیکرنا وی ژ خو کر پتریا جاران ژی ئەو قوربانی کچەکا گەلەك جان بوو))(عبدالرحمن، ٢٠١٨، ٢٧٠)، واتە لێرەدا وەکو گیانداریێکی گەورە و مەترسیدار وەسفی کراوە کە لە شوێنە مەترسیدارەکاندا دەژیت، هەروەها د. مەولود دەڵێ: (( وەکو عەزیا وایە، سێ یان حەوت سەری هەیە، زۆر گەورە و گران و بەسامە، جاری وا هەیە پاڵەوان چەند سەری دەپەڕێنێت، کەچی دواجار پاڵەوان قووت دەدات بە شیرەوە))(حسن(ب)، ٢٠٢٠، ٦٤).

هەروەها دیسان هەڵمەتی شاعیر سوودێکی زۆری لە چیرۆکە ئەفسانەییەکان وەرگرتووە و کردوونی بە هەوێنی لەدایکبوونی شیعرەکانی زۆربەی ئەم چیرۆکە ئەفسانەیین و لەسەر زاری خەڵك گێڕاونەتەوە بەنموونە: لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێ:

ڕۆژگاری زۆر زوو
ئەڵێن شارێك بوو
ئەژدیهایەکی حەوت سەر بەردەرگای
کانی گرتبوو
شاری پروکار
گشت ڕۆژێ کچی جوانی دەرخواردی
ئەژدیها دەدا
بۆ یەك نەختێ ئاو
خەڵك تینووی شار
بوون بە یەك شمشێر
ئەژدیهای حەوت سەر شەق و پەق کرا
شار بووژایەوە (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ١٩٨٣، ٤٦)

لێرەدا دەبینی لەتیف هەڵمەتی شاعیر باسی ئەو چیرۆکە ئەفسانەیەمان بۆ دەکات، کە کاتی خۆی لە شەوانی زستاندا داپیرەکانمان بۆیان دەگێڕاینەوە بەڵام مەبەستی لەتیف هەڵمەت لە هێنانەوەی ئەم چیرۆکە و کردنی بە شیعرێکی جوان، ئەوەیە کە هەرچەندی زۆردارەکان وەك ئەژدیهایەکی حەوت سەر بن بەڵام ئەگەر هێز و بازووی میللەت یەك بگرن ئەوا کۆشکی زۆردارەکان دەڕووخێنێت و هیچ هێزێك نییە لەبەر ئیرادەی گەل خۆی رابگرێت.

**2-1-3 کاری ئەفسانەیی:**

یەکێکی تر لەو لایەنانەی کە لەنێو بەرهەمی شاعیران و دەقە ئەدەبییەکان دەبیندرێت، کار و کردەوەی ئەفسانەییە، کە ئەمە شاعیران زیاتر بۆ بەرزکردنەوەی لایەنی هونەری دەقەکان بەکاری دەهێنن، ئەم کار و کردەوانەش (( تەنیا لە نێو دەقە ئەفسانەییەکان هەن، لە ژیاندا ڕوویان نەداوە و نەبینراون، بە شێوە ئەفسانەییەکان)) (مەولود، حسن، ٢٠١١، ٢٠٢)، لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەو شاعیرانەی کە چەندین شێوەی لە کار و کردەوەی ئەفسانەیی لە نێو شیعرەکانیدا بەکارهێناوە.

هەروەها سەبارەت بە گفتوگۆی ئەفسانەیی بێگومان ئێمە خەریکی نیشانەکان ((ڕەمزەکان)) و ئەفسانە لەشیعری شاعیرەکانمان ، ئەبێ ئاماژە بەو ( تەکنیکە) گفتوگۆیە بکەین کە شاعیرەکانمان لە هۆنراوەکانیان بەرهەمی دەهێنێ لە ئەفسانەدا، بەڵام گفتوگۆیە بکەین کە شاعیرەکانمان لە هۆنراوەکانیان بەرهەمی دەهێنن لە ئەفسانەدا، بەڵام گفتوگۆی لای لەتیف هەڵمەت جیاوازی هەیە لەگەڵ گفتوگۆی شانۆیی یان چیرۆکی، کە دێتە سەر وێنەیەکی شیعری دەیەوێ ورووژاندنێکی تری شیعری گفتوگۆی بەکار بهێنێ بۆ سەرنج راکێشانی بۆ لای شیعرەکەی، ئەم ئیشەیان کە وات لێ دەکات بەڵگە و نیشانەیەکی تر بدا بە شیعرەکەی ، ئەفسانەیەکی نوێ دەخولقێنی لەنێوان گفتوگۆی داربەڕوویێك دەکا کە نیشانەی خۆڕاگرییە کە چۆن بانگی پەڵەهەورێ دەکا کە بەسەریا ببارێنی و تێنوویەتی بشکێنێ.

بۆ نموونە لە شیعری ( ڕەگ)دا دەڵێ:

دار بەڕوویێکی تینوو بانگی پەڵە هەورێکی کرد
- ئەی پەڵە هەورە دوورەکە..... بشکێنە تینوێتی وێڵم..
-ئەی دارەکە وەرە بۆ لام خۆت بدەرە بەر شەستە بارانی وێڵم ..
وەرە بۆ لام لێم مەترسە ... خۆمن نە پاچم نە بێڵم...
-ئەی هەورەکە تۆ دووریت و ئاخر منیش
خۆ ئەگەر چی بشمکوژێ
تینووێتی تاڵ و لێڵم....
لەم خاکەدا ڕەگم هەیە وجێ ناهێڵم.. (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ٩٢)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی گفتوگۆیەکەوە کە لە نێوان داربەڕوو و پەڵەهەور، دیمەنێکی جوان و کارێکی ئەفسانەیی پیشانمان دەدات، بەوەی کە شاعیر داوا لە پەڵە هەورە دوورەکە دەکات، کە تێنوویەتی بشکێنێ، لە دواییدا بەسەری دەبارێت، بارانەکە بارانێکی وێڵە و بەئارەزووی شاعیر باریوە، یاخود بەزۆر باریوە هەروەها شاعیر تێنوویە، دارەکەش کە ڕەمزی ڕەگ و داکوتان و خۆڕاگرتن و ژیانە، ئەویش تێنوویەتی، یاخود لە هۆنراوەیەکی تردا بەناونیشانی ( لووتکەی هەڵگورد) دا باسی

پەڵە هەورێ دەکات کە چۆن ڕێی ون کردووە و بەدیلیان گرت و لە دوورترین بیابان قەفەسێکی شووشە بەندیان بۆ دروستکرد کە چەند شەوان..........

هەرچەندەی هەڕەشەیان لێی کرد و نەترسا، هەور یاخی بوو لەمردن وادیارە هەور دڵداری لەگەڵ کچێك دەکات بەناوی (هەڵگورد)، پاسەوانەکان دوای دەکەون، بەڵام هەور ناوەستێت و هەر دەڕوا تا دەگاتە لوتکەی هەڵگورد، کە شاعیر دەڵێت:

شەوێ هەموو پاسەوان و حەس حەسەکان نوستبوون
هەور تازە جێی دارکاری لەشی ببوو گۆشتەوزوون........
شووشە بەنی پرووقان و شوورەی پۆڵای سمی و ڕۆیی......
پاسەوانەکان دوای کەوتن... بۆ کوێ دەڕۆی!..
ئەی هەورەکە.... مەڕۆ... مەڕۆ
پەڕ و باڵی خۆت مەخەرە ناو ئاگر و دەروونی خۆت
مەخەرە ژێر زەبری چەقۆ
وەرە دواوە.... لە هەر کولێ بەقامچی ئێمەت
لەسەر پشتە و کۆتی ئێمەت لە ملدایە
ناکرێتەوە لە ئەستۆت..
هەور وتی: بەمناڵی ئەو کەژانەم پشکنیوە و
لە گوندێکی ئەو کوێستانە کچێك هەیە
چاوەڕێیە من لەگوڵی ئەو کێوانە
ملوانکەیەك بۆ گەردنی بچنم
ئەوەتانێ بۆ نابینن دڵدارەکەم لە دوورەوە
دەست دەکاتە گەردەنم!..
بۆ نابینن پرچی دەکا بەجۆلانێ و بانگم دەکا!..
پاسەوانێك هەر دوای کەوت هەوریش دەڕۆیشت
دەیپشکنی ئەم چەم و ئەو گرد..
بە دۆڵ و نشێودا دەفڕی و بۆنی دار و بەردی دەکرد..

پاسەوانی شەکەت پرسی: ئەی هەورەکە بۆ کوێ دەڕۆی
من قاچم مرد ..؟
هەور قاقا پێی پێکەنی وتی : وەرە ماڵەکەمت
پێشاندەم لەسەر هەڵگورد ....! (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ٩٥)

دەبینین شاعیر چیرۆکێکی ئەفسانەی لە بەدیلگرتنی پەڵە هەورێکمان پێشان دەدا دوای ئەم هەموو کۆتە و زنجیرە پەڵە هەور دەڕوا. گفتوگۆیەکی ئەفسانەیی بەوەی هەور بەدیل دەگیرێ وە یاخود پاسەوان لەگەڵ هەور قسەدەکات، هەور دڵداری لەگەڵ کچێك دەکات و ماڵی هەیە، مرۆڤ دەتوانێ ئەوەندە بەدوای هەوردا رابکات وادیارە هەورەکە گوێی پێ نەداوە، لێرەدا شاعیر سوودی لەم جۆرە کارانە وەرگرتووە، کە لە ئەفسانەدا هەیە و بۆ ئەفسانەکانی نێو شیعرەکانی ئەمەی بەکارهێناوە.

**2-1-4 ژمارەی ئەفسانەیی**

**أ- ژمارە حەفت :**

ژمارە حەوت وەکو ژمارەیەکی دیاری نێو بواری ئەدەبیات زۆر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کە مامەڵەکردنەکانیش جیاوازن لەوەی وەکو ژمارەیەکی ماتماتیکی کاری لەگەڵ بکرێت، ئەم ژمارەیە لە بیرو باوەڕ و ئاینەکان مامەڵەی جیاوازی لەگەڵ کراوە بەهۆی ئەو ڕەمزانەی کە بەکارهاتووە ((مێژوویەکا کۆنی لە عەقیدەی میللەتاندا داگیرکردووە))( ڕەسووڵ، ١٩٩٧، ٦)، واتە ئەم ژمارەیە پانتاییەکی فراوانی لە ئاینەکان و عەقیدەی میللەتان داگیرکردووە و ئەم بەکارهێنانەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر کۆن، هەروەها ئەم ژمارەیە لە قورئانی پیرۆزیش بە چەندین شێوە و ئاماژەی جیاواز بەکارهاتووە وەکو لە سورەتی (یوسف) خودای گەورە دەفەرموێت: (وقَال الْمَلِكُ إِنِّي أَرَى سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وسَبْعَ سُنبُلاتٍ خُضرٍ وأُخَرَ يابِسَاتٍ))(قرآن الكريم، ٢٤٠)

بەم شێوەیە دەبینین کە ژمارە حەفت بەشێوەی جیاواز لە نێو دەقە ئاسمانییەکان و بیروباوەڕە کۆنەکان بەکارهاتووە گرنگییەکی دیاری هەبووە لە مێژوو و ڕۆژگاری مرۆڤایەتی ((ژمارە حەفت پەیوەندییەکا هویر ب سەربوور و تاقیکرنێن مروڤایەتی ڤە دهەمی قوناغێن ژیانێ دا هەیە))(عبدالرحمن، ٢٠١٨، ٢٠٨) واتە ژمارە حەفت پەیوەندییەکی بەهێز و ورد و دوورو درێژی لەگەڵ ژیان و گوزەران و تاقیکردنەوەکانی مرۆڤ هەیە و هەمیشە لەگەڵی بەردەوام بووە، بەم هۆیەوەش شاعیر لە شیعرەکانی سوودی لەم پەیوەندییە بەهێزەی نێوان ئەم ژمارەیە و ژیانی مرۆڤ وەرگرتووە و لە شیعرەکانی وەکو ژمارەیەکی ئەفسانەیی بەکاری هێناوە .

بۆ نموونە لە شیعری (گۆرانی پاشەڕۆژ یان بەیاننامەی شاعیرە شێتەکە) دا دەڵێ:

هەفتەیەکم وەکو حەوت شووشەی
ڕەنگاوڕەنگ
لەناو لەپما ورد و خاش کرد و
حەوت ئاسمانم لە دڵمدا
وەکو حەوت گڵۆپی شین
کوژانەوە و
حەوت جیهانم وەکو حەوت
بڵاوکراوەی قەدەغە و نهێنی
لە با بێ لغاوەکاندا
کرد بە خۆڵەمێش و
سەرم هەوری سێبەری تێزا (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ٤٥٩)

لێرەدا دەبینین کە ژمارەی حەوتی بۆ چەندەمین جار دووبارە کردۆتەوە و کە هەریەکەو بەشێوەیەکی جیاواز .

**2-1-5 کەرەستەی ئەفسانەیی:**

**أ- گۆپاڵی موسای:**

سەبارەت بە گۆپاڵەکەی موسا، کە ئەمەش وەکو کەرەستە سەبارەت بە دار یان گۆچانەکی پێغەمبەر موسا، هەروەکو ئاشکرایە ، کە هەریەك لە پێغەمبەرەکان تایبەتمەندییەکی خۆیان هەبوو و بە شتێکی سەیر و سەمەرە و جیاوازەوە ناسراو بوون، یەکێك لەو کەرەستە جیاوازانە ( گۆپاڵ) ەکەی پێغەمبەر موسا یە، کە هەرچەندە ئەمە کەرەستەیەکە لە ژیاندا هەبووە و نموونەیەکی لە مۆزەخانەی (ئەستەمبۆڵ) هەیە، بەڵام ئەو هێز و توانایەی کە لەم گۆپاڵە بوونی هەیە زۆر جار لە نێو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیدا توانی ئەم کەرەستە ئاینییە بۆ کەرەستەیەکی فۆلکلۆری و ئەفسانەیی بگوازێتەوە ، هەر سەبارەت بەم گۆپاڵ یان دارەکەی موسا دەگوترێت (( ئەم گۆپاڵە هێزێکی جادوویی و سەرسوڕهێنەری هەبووە، لە ناو ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵاتدا لە ژێر ناوی گۆپاڵی شوعەیب یان یەسرونی ناسراوە)) (مزوری، ١٩٩٧، ١٧).

لەتیف هەڵمەتیش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە سوودی لەم کەرەستە ئەفسانەییە وەرگرتووە و لە نێو شیعرەکانیدا بەکاری هێناوە.

بۆ نموونە لە شیعری ( ناونیشانی شانۆیەکی کۆن) دا دەڵێت:

گەر دارەکەی موسا دەبووم
خۆمم دەکرد بە گێزان
هەموو یاسا و سنوورێکم دەکرد بەموو (دیوانی لەتیف هەڵمەت،٢٠١٤، ٢٣٧)

کە دەبینین شاعیر لێرەدا باسی هێز و توانای ئەم گۆپاڵەی پێغەمبەر موسا دەکات، کە خۆزگە دەخوازێت ئەو توانایەی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت سنورەکان ببەزێنێت، لێرەدا شاعیر وێنەیەکی جوانمان بۆ دروستدەکات، بەوەی کە دار عەساکە دەکات بە گیزان و دارستان، کە هێمایە بۆ دەسەڵاتدارە زاڵمەکان، دەیانکات بە گێزان بۆ ئەوەی بەئاسانی ببڕێنەوە، بەمەش شاعیر وێنەیەکی جوانی خواستنی دروستکردووە.

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتین ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-شاعیر ئەفسانەی وەکو ڕەمزێکی گرنگ و کەرەستەیەکی فراوان بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی مەبەست و هزرەکانی خۆی.

٢-لەتیف هەڵمەت لە شیعرەکانیدا گرنگییەکی زۆری بە بەکارهێنانی ئەفسانە داوە و تێکهەڵکێشی شیعرەکانی کردووە ، چەندین کەسایەتی و گیانەوەر و ژمارە و کەرەستەی ئەفسانەی جۆراوجۆری بەکارهێناوە.

٣-لەنێو ڕەگەزەکانی ئەفسانە زیاتر کەسایەتییە ئەفسانەییەکان لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە و بەشێکی زۆری کەسایەتی ئەفسانە جیهانییەکان لە شیعرەکانیدا بەکارهاتووە.

٤-شاعیر لەگەڵ سوودبینینی لە ئەفسانە و بەکارهێنانی لە نێو شیعرەکاندا، لەگەڵ ئەمەشدا ئەفسانەی تایبەت بەخۆی دروستکردووە و دایهێناوە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم/ کوردییەکان:**

**أ- کتێبەکان**

- حمد، د. پەخشان سابیر، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان ١٩٧٠ ، ١٩٩١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢.
- حەسەن (أ)، مەولود ئیبراهیم، گەڕان بەدوای نەمریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠٢٠.
- حەسەن ب، مەولود ئیبراهیم، قەدەغەشکێنی دارەڕێی ئەفسانەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠٢٠.
- حوسێن، سەنگەر نازم، مەولود، ڕێزان ساڵح، ژانرە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٨.
- خۆشناو، فەرهاد عەزیز، ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.
- دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠١٤.
- ڕەسوول، عزالدین مستەفا، لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا، ١٩٧٩.

- سەجادی، عەلائەدین، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە، ١٣٩٥هـ .
- سەعدوون، سامان عزەدین، بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٠.
- شارەزا، کەریم، ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشەنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.
- عبدالرحمن، شڤان جرجیس، ڕەنگڤەدان ئەفسانێ د ڕۆمانا دەڤەرا بەهدینانێدا، پەرتووکخانەی گازی، دهۆك، ٢٠١٨.
- عبدالله، ئیدریس، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری کوردی، بەرگی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.
- موکریانی، گیو، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩.
- لەتیف هەڵمەت، دیوانی (فەلەستین هەمیشە نیشتیمانی غەسان کەنەفانییە)، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٣.

**ب- عەرەبییەکان:**

**القرآن الكريم**

- ابراهيم، نبيلة ، الاسطورة، منشورات وزارة الثقافة، بغداد، ١٩٧٩.
- الملاح و احمد، د. هاشم، ابراهيم خليل، دراسات في فلسفة التاريخ، جامعة الموصل، موصل، ١٩٨٨.
- عبدالحسين، امجد زهير، الاسطورة في المسرح، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠١٢.
- قيس، النوري، الاساطير وعلم الاجناس، مؤسسة دارالكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل، موصل، ١٩٨١ .

**دووەم/ گۆڤارەکان**

**أ- کوردییەکان:**

- ئەنوەر، کەیوان ئازاد، تیۆرەکانی راڤەی دەق، گۆڤاری ئایدیا، ژمارە (٣-٤)، سلێمانی، ٢٠٠٩.
- رەسول، د. شوکریە، نهێنی ژمارە (٧) لە بیر و عەقیدە و نەریتی میللەتاندا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٧)، هەولێر، ١٩٩٧.
- مەولود، عبدالله خدر، حەسەن، مەولود ئیبراهیم، هێما ئەفسانەییەکان لە دیوانی ( نالی) و (سالم) و (کوردی) دا، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە، ١٨، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١١.

**ب-عەرەبییەکان:**

- مزوری، عبدالرحمن، الاساطير في مم و زين خاني، مجلة لالش، ع٨، دهوك، ١٩٩٧.

## الملخص

## بعض جوانب الاسطورة في قصائد لطيف هلمت

لا تستطيع أدبيات أي أمة او قومية أن تنمو ما لم تستفد من ثقافتها القومية، تعد الثقافة وأدب تراثنا الشعبي القومي ثروة غنية وذات قيمة، لذلك يجب أن يتم الحفاظ عليها وأن نتعامل معها بشكل متفوق، لهذا تمثل ظاهرة عودة الشعراء من المرحلة القديمة التقليدية الى المعاصرة الى احضان التراث وارثهم الشعبي القومي، دوما الهدف الابداعي الحديث والمعاصر في قصائدهم.

إن الأمة الكوردية كغيرها من الأمم صاحبة ثروة كبيرة من الثقافة وأدب تراثها الشعبي، التي يظهر عليها انعكاس الحياة ومعيشة الكورد، من بين أقسام التراث الشعبي، الاسطورة فهي واحدة من الاقسام المهمة التي يلجأ اليها الشعراء دائما لمزجها مع قصائدهم وكذلك ليكون بوسعهم بهذه الطريقة ان يمنحوا قصائدهم اسلوبا آخر وأن يلفتوا نظر القارئ اليهم، عن طريق استخدام الاسطورة، تعبر العناصر والرموز الاسطورية عن اهدافها الخفية، استطاع الشاعر ان يتعامل بشكل ملفت مع الجوانب الاسطورية واستفاد من تلك العناصر والرموز الاسطورية، بالشكل الذي جعله يلفت نظر القارئ اليه، وبهذه الطريقة عبر عن رؤيته وافكاره، ومنح قصائده الثبات، والاندماج ما بين الادب المعاصر وادب التراث الشعبي، ومن بين هذه الجوانب استخدامه العديد من الشخصيات والكائنات الاسطورية والاعمال الاسطورية في قصائده.

## Abstract

### Legend in the poems of LatifHalmat

Literature of any nation cannot develop without taking advantage of its own culture and folklore. Our culture and literary folklore are precious fortune which we have to preserve and treat carefully. The return of poets from the classical to modern epoch to deal with cultural and folklore was always aiming at new and modern innovations in their poems.

Kurds, like other nations, possess a rich folklore and literary heritage which reflect and portraythe living standards of Kurds. Within the parts of folklore, legend is an important branch that poets always use it to invent a new style and theme that can draw the attention of readers toward their poems, and via using legend and legendary symbols, poets propose their hidden messages.

The poet (Halmat) has successfully dealt with legends and has gotten benefit from their symbolic figures, which draw the attention of readers toward his works. In this way, he could convey his messages and express thoughts and create statics for his poems and add a mixedflavor of both modern and folklore literature to his poems. For this purpose, he has used many of legendary person, legendary creatures and legendary actions in his poems .